مەسرور بارزانی : پەشخستن و پەرەپەدانی خوێندن و ناوەند و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی کوردستان یەکەکە لە کار لە پشیەکانمان



ئەمە یەکشەممە،بە ئامادەبوونی "مەسرور بارزانی " سەرۆکی حکومەتی هەرەمی کوردستان ، دیداری خوێندنی باڵای هەرەمی کوردستان و ئوردن لەژێر ناونیشانی (وەناکردنی ئایندە لەو ڕێگەی پەرەپەدانی بەردەوام) لە هەولێری، بە بەشداری وەفدێکی باڵای وەزارەتی خوێندنی باڵای ئوردن و ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆکانی ئوردن و هەرەمی کوردستان بەڕێوەچوو.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرەم لە ڕاگەیەندراوەکدا ووتی : لە دیدارەکەدا سەرۆکی حکومەت ووتارەکی پەشکەش کرد و جەختی لەوە کردەوە کە پەشخستن و پەرەپەدانی خوێندن و ناوەند و دامەزراوە ئەکادیمییەکانمان، یەکەکە لە کار لە پشیەکانمان و دەمانەوە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەمە، لە ئاستی پەشکەوتنە خێراکانی ئەم سەردەمدا بن و ببنە یارمەتیدەری پرسەی گەشەپەدانی ژێرخانی ئابووریمان.

ئەمەی خوارەوە دەقی ووتارەکەی "مەسرور بارزانی" سەرۆکی حکومەتی هەرەمی کوردستانە، کە وەک خۆی بەاوی دەکەینەوە :-

بە ناوی خوا گەورە و میهرەبان

میوانان و ئامادەبووانی بەڕێز

زۆر بەخێر بێن

بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانانی بەڕێز، شاندی شانشینی هاشمی ئوردنی دەکەم بە هەرێمی کوردستان و سوپاسی ڕێکخراوانی ئێم دیدارە گرنگە دەکەم و هیوای سەرکەوتن بە کارەکانی دەخوازم .

هیوادارم لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژدا، ئەنجام و ڕاسپاردەی گرنگ و بە سوود بخرێنە ڕوو هەروەها ئەم دیدارە، ببێتە مایەی پێشخستنی زیاتری خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان .

ڕەز و پێزانینمان هەیە بە هاریکاری و هەماهەنگیی شانشینی ئوردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

خۆشحاڵین کە پێیوەندییەکی لەمێژینە و دەستانەمان لەگەڵ شانشینی هاشمی ئوردنی بەڕێبەرایەتی خاوەن شکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم هەیە کە لە قۆناخە جیاوازەکاندا، هاوکار و پشتیوانیی هەرێمی کوردستان بووە.

بەڕێزان:

پێشخستن و پەرەپێدانی خوێندن و ناوەند و دامەزراوە ئەکادیمییەکانمان، یەکێکە لە کارە لە پێشینەکانمان کە دەمانەوێ زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئێمە، لەو ئاستی پێشکەوتنە خۆراکانی ئێم سەردەمدا بن و ببنە یارمەتیدەری پرسەی گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریمان.

ڕاستە لە ساڵانی ڕابرووداو، ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی جۆراوجۆر بووینەوە و بەسەر زۆریشیاندا زاڵ بووین، بەڵام چەند کێشە و قەیرانێکانیشمان هەبێت، هەرگیز ساردمان ناکەنەوە لەوەی بایەخ و گرنگییەکی تەواو، بە پێشخستن و بەرەوپێشبردنی خوێندن و زانکۆکانمان بدەین. پێویستە زانکۆکانمان، هاوکار و یارمەتیدەرمان بن بە دەزینەوەی چارەسەر بە کێشە و گرفت و قەیرانەکان کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و لە ڕەگەی پلان و نەخشەڕێگەیەکی زانستییانەوە، هاریکاریی حکومەت بکەن بە ئەوەی درێژە بە بەرنامەی چاکسازیی هەمەلایەنەی خۆی بدات.

ئێمە چاوەڕوانییەکی زۆرمان لە زانکۆکان هەیە بە ئەوەی ڕۆڵی کاریگەر و کارای خۆیان نێک تەنیا وەک مەبەندێکی زانستی فێرکاری و پەگەیاندنی نەوەکانمان بگەڕێن، بەڵکوو دامەزراوەیەکی زیندووی ڕەشنگێریی و بزوێنەری نوێخوازی و داهێنانیش بن.

هەمیشە خوازیاری ئەوەین کە ئارامی و سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان بگشتی هەبێت. لێم چوارچێوەیەشدا، هەمیشە هەرێمی کوردستان هەوێداوە و کاری کردووە بە ئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لە دابینکردن وپاراستنی سەقامگیریدا، چونکە تەنیا لە دەرەکی سەقامگیردا، دەتوانین کار لە سەر پێشخستنی کەمەگەکەمان لە هەموو بوارەکاندا بکەین بە ئەوەی بگەینە ئاستی وەڵات و کەمەگە پێشکەوتووەکان، کە ئێمە لە ڕووی سامانی مرۆیی و ماددییەوە، هیچمان لێو کەمەگەیانە کەمتر نییە و تەنیا بارودۆخێکی ئارام و سەقامگیر و بەڕێوەبردنێکی ژیر و زانستی و داهێنرانەمان پێویستە بە ئەوەی لە ئاست پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بین.

جارێکی دیکە بەخێرهاتنی میوانێ بەڕێزکانمان دەکەم و دەستخێشیتان لێ دەکەم بە ئێنجامدانی ئێم دیدارێ و هیوای سەرکەوتنتان بێ دەخوازم.

هەر شاد و سەرکەوتووبن.